# "ژنانی کەرکوكو روبەڕووبوونەوەی توندوتیژی جۆراوجۆر!




**ئارەزوو نوری**

**کەرکوك**


**ئاوێزان نوری**:گەر هاتوو مرۆڤەکان گەیشتنە لوتکەی بڕوابوون بەخۆیان دەتوانن هەموو کارێك بکەنو هیچ شتێکیش مەحاڵ نییە.



**هێندەی باس لە کێشەو گرفتەکانی ئافرەتان دەکرێ, نیو هێندە رێگە چارەیان بۆ دیاری نەکراوە, زۆرن ئەو بەربەستو گرفتانەی روبەڕوی ژنانی کۆمەڵگەی باوك سالاری دەبنەوە, بەڵام تا ئێستا, وەك پێویست قسەی لەسەر نەکراوە تا لەوێنندەر لەنێو ئاشکراکردنی کێشەکان, چارەسەرێك بدۆزرێتەوە, بۆ ئەو مەبەستەو بۆ خستنەڕوی ئەو کێشانە: "تەڵاق,سوتان,سواڵکردنی ژنانی, زیندانی ژنان, ئەتك کردن.."کە هەموو ئەمانە دەبنە دوو ووشە لەنێوان دوو کەوانەوە ئەویش "توندو تیژی"یە دەرحەق بەژنان, ئەم ریپۆرتاژەمان سازکرد.**

**تەلاقو لێکجیابوونەوە:.**

**"کێشەی ژنان رۆژ لەدوای رۆژ لە زیادبووندایە" هۆی زیادبوونیشی یەکێکە لە کێشە خێزانیەکان کە ئەگەڕێتەوە بۆ نالەباری باری ئابوری, لەڕووی ئابوریەوە کە کۆمەڵگا بەرەو داڕوخان رۆیشت, لەرووی خێزانیشەوە ئەو خێزانانە بەرەو هەڵوەشانەوە ئەڕۆن, ئەمە بۆچوونی پارێزەر "نازەنین" بوو لە دادگای کەرکوك.!**

**دادوەری شەرعی "شێخ یوسف" لەدادگای کەرکوك پێی راگەیاندین کە"کێشەی کۆمەڵایەتیو خێزانی زۆرە لەکەرکوكو ئەویش ناحیەی ئابووریو ماددی تەئسیری کردووەتە سەر ئەو حاڵەتە".**

**عەبدوڵلا مەحمود–نوسەرو رۆژنامەنووس سەبارەت بە حاڵەتی تەڵاق, روونی کردەوە کە"ئەگەر هاتوو ژنو پیاو لە**

ئاستێکی رۆشنبیریو ئەقڵییەتێکی گونجاودابوون, ئەوە ناهێڵن کێشەی ئابووری وایان لێبکاتو بگاتە ئاستی تەڵاقدان!(هەرگیز کێشەی ئابووری لای ژنو پیاوێکی هۆشمەندو رۆشنبیر ناگاتە تەڵاقدانو لێکجیابوونەوە)"هەروەها ووتیشی: "مەسەلەی تەڵاقدان, دوا چارەسەرە, ئەگەر هاتوو بەکۆمەڵێ قۆناغی تایبەتیو لێکدانەوە بڕوات..ناگاتە تەڵاق, بەڵام هەرچ خێزانێکیش کە کێشەکەیان گەیشتە تەڵاق,(ئەوە من دڵنیام کە ئەو ژنو پیاوە پەیوەندی خۆشەویستی راستەقینە یاخود تێگەیشتن لەنێوانیاندا نەبووەو رۆشنبیر نەبوونە)!".

دادوەر شێخ یوسف ئەوەشی روون کردەوە کە رۆژانە "3بۆ4", حاڵەتی تەڵاق ئەچێتە لایانو ئەوەش هۆی زۆرە, زیاتر هۆی ئەوەشی گەڕاندەوە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێ خێزان پێك بهێننو بە تایبەتی کوڕان, بۆیە ووتی: بێ ئەوەی دیراسەتی ئەو حاڵەتە بکەن ئەچن ژن ئەهێنن, ئەم حاڵەتەش خاڵێکە لەو خاڵانەی تأسیری کردووەتە سەر ئەو ژنو پیاوەو ناخۆشیو ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیان, یا کوڕەکە ئەخواتەوەو رێگای ناشەرعی گرتووەتەبەرو "مدمن"بووە بە خواردنەوەو ئەکەوێتە گیان ژنەکەی ئەمەش وا ئەکات ژنەکە داوای تەڵاق بکاتو یاخود ئەو ژنە رێگایەکی دیکە دەگرێتەبەر (کە ئەوەش کێشەیەکە)خۆی ئەسوتێنێنێ یا خۆی ئەکوژێت یا هەر رێگایەکی تر کە بەڕای ئەو "ئەمە چارەسەرە"!!.

خۆسووتاندنی ژنان:.

"خۆسووتاندن یەکێکە لەحاڵەتەکان تا رادەیەکیش لاوازی کەسێتی ژنی تێدایە, چونکە لە دەرەوەی ئەو بارەدا ژن دەتوانێت پەنا بۆ شتی تر بەرێت",ئەمە بۆچوونی عەبدوڵڵا مەحمود بوو.

(د.سەباح ئەمین ئەحمەد داودی)بەڕێوەبەری فەرمانگەیی تەندروستی کەرکوك, بەپێی ئاماری نێوان 2005 بۆ2006 چەند حاڵەتێکی بۆمان روونکردەوەو هەروەها رێژەی ئەو سوتاوانەی پێ راگەیاندین, ئەو ژمارە سووتاوانەی لە نەخۆشخانەکانی کەرکوك خەوتوون "1806" ژنی سووتاو بوونەو, ئەو سووتاوانەی کە کەم بوونەو تەنها سەردانی راوێژکاریان کردووە "213"ژن بووە لە 2005, تەنها لە مانگی (1)2006یش "234"ژن سووتاوە, بەڵام هۆی سووتاندنی ژنەکانی بە شاردنەوەی راستیەکان لەلایەن کەسوکاریانەوە لەقەڵەم داو ووتی "کەسوکاری ئەو سووتاوانە راستیەکانمان پێ ناڵێن, بۆ ئەوەی تووشی لێپرسینەوە نەبن" هەموو رێگەیەك ئەدۆزنەوە بۆ بێ دەنگی حاڵەتەکە,هەروەها ووتی:ئێمە لەبەر ئەوەی زیاتر لایەنە مرۆڤایەتیەکە لەبەرچاو ئەگرین زۆر بەدوای هۆی سووتاندنەکە ناکەوین, بەڵکو هەوڵی رزگارکردنو چارەسەرکردنی سووتاوەکەین, ئەپرسین کە بۆچی سووتاوە "بەڵام ناگەینە هیچ ئەنجامێك".!

ئاوێزان نوری–شاعیرو رۆژنامەنووس ووتی:"دیاردەی ژنان هەمووی ئەشاردرێتەوەو کەسیش راستیەکان نازانێت, پیاوان هۆکارەکان ئەگەڕێننەوە بۆ ژنانو ژنانیش جورئەت ناکەن قسەی خۆیان بکەن"!!

عەبدوڵڵا مەحمو ووتی: بێگومان خۆسووتاندن تەوژمێکی دەروونیەو لە ئاکامی داخرانی دەروازەکانی چارەسەری کێشەکاندا دێتە ئاراو لەوەشدا کۆمەڵگە بە پلەیەکی رێژەییو خێزان بە پلەیەکی سەرەکیو دواتریش "حکومەت بەرپرسیارە", کە دەڵێم حکومەت زیاتر مەبەستم لەوەیە کە حکومەت لەلایەك نەچووەتە نێو کۆمەڵگەو لایەنێکی جدی نیە لە دیاریکردنو نەهێشتنی کێشەکانو دواجاریش یاسا سەروەرنیەو دەستورەکانی زۆری تێدا دەکرێت.

لەناوچوونی ژنان لەچەند روویەکەوە:.

سەبارەت بە خۆکوشتنو لەناوچوون بە تەقینەوە, یا رفاندنی ئافرەتان یا ئەتك"اغتصاب"کردنیان, "نەقیب ئەیاد رەیحان حەمەد"لەبەشی ئاماری فەرماندەیی پۆلیسی کەرکوك پێی راگەیاندین کە لەنێوان ساڵی 2005 بۆ 2006 هیچ حاڵەتێکی لەو جۆرە تۆمار نەکراوە لەلایان, تەنها لە ساڵی 2004 کە 12 رفاندنی ئافرەت تۆمار کراوە بەڵام 7 ئافرەت لەو 12یەی رفێندراون ئەگەڕێتەوە بۆ کچو کوڕەکە کە پێشتر پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوانیاندا هەبووەو بەبێ ئاگاییماڵەوەیان رۆیشتوون,! هەروەها خۆکوشتنیش تەنها یەك حاڵەت تۆمار کراوە ئەویش ئەگەڕێتەوە بۆ خراپی

باری ئابووری, سەبارەت بە تەقینەوەو لەناوچوونی ژنان تێیدا 19 ئافرەت تیاچووە.

سواڵکردنی ژنان لەسەر شەقامەکان:.

سواڵکردن.. دیاردەیەکی بەربڵاوە لە جیهاندا گەرچی بە شێوازی جیاجیا دەکرێت.. ئەم پرسەش بۆخۆی یەکێکە لەو کێشانەی کە دەرەنجامی خراپی دەبێ پێش هەموو شتێك بۆ سەر خودی کەسێتی دەرۆزەکاران..

"تانیا محەمەد ئەمین" لە ڕێکخراوی (CDO)بەشی چالاکی ژنان ووتی: "ئەتوانم بڵێم ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی گشتی دیاردەیەکی ناشارستانیە.." بۆ ژنان زاهیرەیەکی کۆمەڵایەتی خراپە لەناو کۆمەڵگادا بەدی دەکرێت, ئەو ژنانەی ئەکەونە سەر شەقامەکان بۆ کاری خەراپیش دەبرێن‌و خۆشیان ناچارن ڕێگای ناشایستە بگرنەبەر. هەر بۆ ئەم مەبەستە ئەوەی دووپات کردەوە کە: "ئەمە ئیهانە کردنە بە کەسایەتی ژن ئەکرێت لە کۆمەڵگادا", هەروەها ووتی: "ئەم دیاردەیە پێویستی بە ئاوڕدانەوەیەکی زۆر جدییانەیە لەلایەن دەسەڵاتەوە".

دیارە ئەمە ئاسەواری خراپتری دەبێت لە ئاستی ئەو ژنانەدا کە ڕەنگە زۆربەیان بە ناچاری ئەم حاڵەتەیان کردبێتە پیشە.. هەر دیاردەیەکیش خۆی لە خۆیدا هۆکاری هاتنە ئارای هەیە.. بەمەبەستی زانینی بەشێکی گرنگ لە هۆکارەکانی دیاردەی سواڵکردن لەنێو ژنان‌و خستنەڕووی چارەسەرەکان.

فازیل عەبدولکەریم ئەمین-بەڕێوەبەری چاودێری کۆمەڵایەتی "ئەو ئەرکە ئەگەڕێتەوە سەر پۆلیس کە بیانگرێت‌و بیانکاتە بەندیخانەوە", چونکە ئەو پێی وابوو ئەوانە تەنها مەبەستەکەیان ئەوەیە سواڵ بکەن, "هەموویان گەنج‌و توانای کارکردنیان هەیە".



زیندانیکردنی ژنان, چاککردنی کۆمەڵایەتی:

بە پێی ئاماری کەمتر لەساڵێك "197"ژن بە بەندکراوی چووەتە لایان‌و بەشێکیشیان دادگاییکراون, عەقید (کامەران ئەحمەد خدر)بەڕێوەبەری پۆلسی نەوجەوانان پێی ڕاگەیاندین کە لەو 197 ژنەی چووتە لایان, لەسەر کوشتن بەگشتی"35"کەس, هەوڵدان بۆ کوشتن"4"ژن, لەسەر ڕفاندن (خطف)(18)کەس,لەسەر "بغاء"واتە لەشفرۆشی(40)کەس,لەسەر جۆرەکانی دزی بەگشتی (36)کەس, لەسەر فێڵ"نصب واحتیال"14 کەس,لەسەر مخالفات‌و هەموو جۆرەکانی مخالفات (12)کەس, لەسەر هاوکاریکردنی خەڵك بۆ ڕاکردن لەسجندا (5)کەس, لەسەر حاڵەتەکانی تەزویرکردن (8)کەس,لەسەر حاڵەتە جۆراوجۆرەکانی تر بەگشتی (25)کەس.

ریکخراوەکانی داکۆکیکەر لەمافی ژنان:

دادوەر شێخ یوسف ئەوەشی روون کردەوە کە "گەر هاتوو ڕێکخراوێکی داکۆکیکەر لە مافی ژنان بەشداری بکات لەم کارە, (حاڵەتی لێکجیابوونەوەی ژن‌و پیاو) ئەوە بێگومان زۆرێك لەکێشەکان چارەسەر دەکرێت چونکە زۆر دەوری هەیە" لەبەر ئەوەی ئێمە کاتمان نییە کێشەکانیان چارەسەر بکەین, "هەرچەندە زۆرێکیش لە حاڵەتی تەڵاقمان چارەسەر کردووە, بەڵام کاتی ئەوێت" ووتیشی "ئێمە باحیسەی کۆمەڵایەتیمان هەیە لەوانەیە ئەویش نەگاتە ئەو حاڵەتەی بتوانێ کێشەکەیان چارەسەر بکات" بەڵام گەر هاتوو ڕێکخراوێکی ژنان هات‌و بەشدار بوو لەگەڵمان‌و

هاوكارمان بوو ئەوە دەتوانين زۆر لەحاڵەت چارەسەر بكەين‌و زۆر لەو خێزانانە پێك شاد بكەينەوە.

(خانم سادق) لەبەشى كۆمەڵايەتى "ى.ژ.ك"لقى كەركوك ووتى: زۆرێك لەكێشەكان دێنە لاى من, كە زۆر غەدريان لێدەكرىٚ‌و بەزۆر دراون بەشوو هەروەها هەموويان دەچەوسێنرێنەوەو ناتوانن هيچ بكەن, ئەوەى  هاتووەو سكاڵاى خۆى دەربڕيوە "ئێمە ئيشمان بۆى كردووە بەڵام وەكو پێويست نەبووە".

ئاوێزان نورى پێى وابوو "رێكخراوى ژنان هەر نەمێنىٚ باشترە" چونكە ئەو ووتى: بۆ رێكخراوێك يا رۆژنامەيەك هەبىٚ تايبەت بەژنان؟ "بۆچى پياوان ئەوانەيان نييە؟!" لەبەر ئەوەى پياوان بڕوايان بەخۆيان هەيە! بەڵام ژنان بەداخەوە ديارە بڕوايان بەخۆيان نييە بۆيە شوێنێك ئەكەنە پەنا تاوەكو داواى مافى خۆيانى تێدابكەن "گەر هاتوو مرۆڤەكان گەيشتنە لوتكەى بڕوابوون بەخۆيان دەتوانن هەموو كارێك بكەن‌و هيچ شتێكيش مەحاڵ نييە" هەوڵدان بۆ هەموو شتێك پێگەيشتنە, من دەتوانم خۆم بوونى خۆم بسەلمێنم, هيچ لەگەڵ ئەوە نيم كەسێكى ديكە بێت كار لەسەر من بكات, "ماف وەرناگيرێت بەڵكو دەسەندرێت", ئەو رێكخراوانەى هەيە تەنها دروستكردنى هەيكەلەكەيەو ئەو ژنانەى بەناوى فيمينيزم‌و فيمينست وەك نوێنەرى ژنان كار دەكەن, تەنها ژنەكان جيا ئەكەنەوەو بانگيان دەكەن بۆ رێكخراوەكانى خۆيان, كۆڕو كۆبوونەوە هەمووى ژنەو هەمان كێشەيان هەيە بۆ يەكترى باس دەكەن‌و دەس دەكەن گريان‌و كێشەكە گەورەتر ئەكەنەوە, بەڵام ئێمە پێويستيمان بەپياوێكە بێت‌و لەگەڵمان دابنيشێت‌و گوىٚ لە كێشەكانمان بگرێت بۆ ئەوەى لەيەكترى تێبگەين, "ئەوە ژنان خۆيانن جيابوونەوەى نێوان هەردوو رەگەز دروست ئەكەن"!.